# له بەرانبەر هەڕەشەو پەلامارەكانی دەوڵەتی عەسكەرتارو كۆنە پەرستی توركیادا، وەرنە مەیدان!

ماوەیەكە حكومەتی كۆنەپەرستی توركیا دەستی داوەتە هەڕەشە كردن لەخەڵكی كوردستان‌و دیسانەوە بەبیانوی پەكەكەو "زەربە لێدان لە تیرۆر" دەیانەوێت هێرش بكەنەوە سەر خەلكی كوردستان. چەندین رۆژە بەشێوەیەكی بەردەوام سوپای توركیا ناوچە سنورییەكانی كوردستان بوردمان دەكات‌و ترس‌و نارەحەتی خستۆتە دڵی دانیشتوانی گوندو ناوچەكانی: قەدش، ئینیشكێ، بامەڕنی، بەروار، ودەروبەری ئامێدی یەوە، زەرەرو زیانێكی زۆری پێگەیاندون‌و ژمارەیەكی زۆریان شوێنی خۆیان بەجێهێشتوە.

خەڵكی كوردستان ماوەی 17 ساڵە بۆتە مەیدانی تاقیگای ساغكردنەوەی سیاسەتی وولاتە كۆنەپەرستەكانی ناوچەكە. سوپای كۆنەپەرست‌و فاشستی توركیا تا ئیستا 26 جار هێرشی كردۆتەوە لەسەر خەلكی كوردستانی عیراق، كە زۆربەی زۆری ئەم هێرشانە بە لوتف‌و پێشوازی حزبی دەسەلاتداربوە لەكوردستان. بەلام هەڕەشەو پەلامارەكانی ئەمجارەی حكومەتی توركیا كە دیسانەوە بەناوی هێرشكردنە سەر پەكەكەو "لیدان لە تیرۆر"ی كردۆتە بیانوو، لەپیناو ڕۆڵ‌و نفوزومەوقعیەتی سیاسی خۆێدایە لە ئاستی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەرست دا. بەتایبەت پاش فەشەلی سیاسەت‌و ئیستراتیژی ئەمەریكا لەعیراق‌و ناوچەكەداو بونی جێپێیەكی پتەوی جمهوری ئیسلامی ئیران‌و دەركەوتنی وەك گەورە هێزیكی ناوچەیی لەئاست وولاتانی ناوچەكەدا. توركیا " خەلكی كوردستانی عیراق"ی كردۆتە بارمتەو قوربانی بردنە پێشەوەی ئەم سیاسەتە كۆنەپەرست‌و ملهوڕانەی خۆی.

لەم نێوەدا هەڕەشەكانی توركیاو داواكارییەكانی بەتایبەت لە پەیوەند بە "تەسلیمكردنی سەرانی حكومەتی هەرێم لە ژێر ناوی ئەوەی كۆمەكیان بە پەپەكە كردوە" هەر لەئێستاوە هەندێك لە ئامانجە فەورییەكانی توركیای پێكاوە ودەتوانیت ئەم خواستە چەكوشێكی ئامادەبیت بەدەست حكومەت‌و سوپای توركیاوە، بۆ هەركاتێك كە پێویستیان پێی بێت بەرزیبكەنەوەو بیكەنە بیانوی هێرش‌و پەلامار بۆ سەر خەڵكی كوردستان.

لە بەرانبەردا هەلوێستی حكومەتی میلیشیایی بەغداو هاتوو هاواری مالكی بۆ "بنەبڕكردنی پەكەكە!!"و هەروەها بێدەسەلاتی دەسەڵاتدارانی ناسیونالیزمی كورد لەبەرانبەر ئەم هێرش‌و هەڕەشانەدا بەشێوەیەكی رۆشن پووچی دەوڵەتی عیراق‌و حكومەتەكەی‌و فدرالیەتێك كە دوو حزبە دەسەلاتدارەكەی كوردستان كردویانەتە ئامانجی خۆیان، نیشان دەدات. ڕیگای ئومێد بە ئەحزابی دەسەلاتدارو گشت ئەحزابی ناسیونالیستی ناوچەكە داخراوە، ڕیگای چاوەڕوانی‌و ئومید بە ئەمەریكا كۆتایی هاتووە.

ئێمە وەك حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق، ئەم سیاسەت‌و هێرش‌و پەلامارەی دەوڵەتی توركیا بۆسەر خەلكی كوردستان بە توندی ئیدانە دەكەین‌و داوا لەسەرجەم رێكخراوە ئازادیخوازو پێشكەوتنخوازو كۆمۆنیست‌و چەپەكان دەكەین لە ئاستی دنیادا كە ئیدانەی ئەم سیاسەتەی توركیا بكەن‌و ڕێبگرن لە هێرشی سوپاییەك كە توركیا نیازمەندە پێی. لەهەمانكاتدا بۆ رزگار بون لە هەڕەشەو پەلاماری دەوڵەتە كۆنەپەرستەكانی توركیاو جمهوری ئیسلامی ئیران، بۆ پێشگرتن بە ئاوارەیی‌و ڕەق بونەوەی ڕۆلەكانمان‌و تیكچونی باری ژیان‌و گوزەرانی خەڵك..... بانگەوازی خەڵكی كوردستان دەكەین كە لەدەوری جیابونەوەی كوردستان‌و پێكهێنانی دەولەتێكی عەلمانی‌و ناقەومیدا ڕیزی خۆیان یەكگرتوو بكەن. حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق لە ریزی پێشەوەی خەباتی خەلكی كوردستاندایە بۆ بەدیهێنانی ئەم خواستەو سەرجەم ئامانجە ئینسانیەكانی خەڵكی كوردستان.

**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**

**2007/10/17**